# دوو وشە

## ئەحمەدی مەلا

زمان ئاداتێکە بۆ تەعبیر بەلام بەرامبەر گەلێ کارەساتی دەرکی یا ناوەکی هێزە بنەڕەتەکانی ون دەکات و بێدەنگییەکی قوول، بەلام پڕ مانا، سامناک و دڵتەزێن جێگای دەگرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە بوو، بوو با زادەی ئافراندنی ئەدەبێکی دەوڵەمەند لە هەندێ فەرهەنگی دونیادا.
چی بوترێت بەرامبەر بە هێرشی یەکێ لە لە شکرە هەرە بەتواناکانی ناتۆ! لەشکرکێشییەکی وەحشەتناک. هێزێکی کوێر و نابینا. دەیەوێ دونیا تەنها لە ئیرادەی هێزەوە ببینێ.
ئامانج پێکان واتە لە ناوبردنی ئیرادەیە میللەتێک کە دەیەوێ بە زمانی خۆی باس لە خۆی بکات، بە زمانی خۆی چیرۆکی تراژیدیا بگیڕێتەوە، بە هەنگا و ریتمی خۆی بەیت و حەکایەتەکانی شەوانی هەزارساڵەی خوی بنووسێتەوە. منداڵانی خۆی بنێرێتە ئەو قووتابخانانەی کە بە زمانی ئەو گۆرانی و سروود ئەزبەر بکەن، باسی ئەو " دارا"یە بکەن کە دەیەوێ لا جیاتی بڕینی دار، فێری سەزکردن و چاندنی دار ببێت، لە جیاتی ئەوەی خانوو و دیوار ببینێ کە چۆن دەڕمێنە سەر یەک، دوو حەرف لە بارەی بنیاتنانەوە فێر بێت، لە جیاتی ئەوەی لە زاکیرە هەرە سەوز و پاراوەکەی شریتی گوندچۆڵکردن و ئاوارەبوون دووپاتکاتەوە، زاکیرەیەک ببووژێنێتەوە ئایندەی بکاتە ئامانج!!

سیاسەتی لەشکری تورک سیاسەتێکە تەنها لە سەر هێز ئیش دەکات، هێزی رووت و قووت تەنها هەر بەسەر خۆی دەشکێتەوە. دەکرێ بکرێتە پرۆپاگەندە، دەکرێ هەناسەیەک و پشوویەک بداتە جەنەراڵەکان، بەلام هێزی رووت لە دوا پێناسەدا دەروخێتە سەر خۆی. ئەمە جەدەلی هەموو دیاردەیەکی تاکڕەهەندە.

تورکیا بەم هەڵوێستە لە ئەورووپا دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە باوەشی ئەو هێزە رووتەی کە ناوی ئەمەریکایە. یەکێک لە سەمبۆلە هەرە لەبەرچاوەکانی ئەمەریکا دوو بورجەکەی شاری نیۆیۆرک بوو. سەمبۆلی هێزێکی رووت، لە شێکل و ناوەرۆکدا بەروە فەزایەکی نادیار بەرزببووە. کۆکەرەوەی توانا و بەرجەستەبووی هیزێکی ماددی بوو بە بێ ئاوڕدانەوەیەک لە ئامانجەکانی هێز. بە شێویەکی تراژیدی رمایە سەرخۆی. وەکو سەهۆڵ لە بەر تیشکی هەتاو توایەوە. لەم رووەوە درێدا بە جوانی ئاماژە بۆ ئەم داروخانەی سەمبۆل دەکات.
ئاکارەکانی هێزی رووت دووبارەبوونەوەی چەندین وێنەیە بۆ ئێمە :
وێنەیەکی دووپاتببوە، جارێکی دی بۆ ئێمەی کورد دووپاتبووەوە : گوندێی وێران، دوو مێرمنداڵ وەکو دوو بەچکە شێری توقیو، مێگەلەمەڕێک وەکو ئەوەی زاکیرەی عومەر خاوەر لە سەر لەوحی ئەبەدییەت تۆماری کردبێت، منداڵێک لە نێو بەرد و کەڕپووچی هەپروون بە هەپروون بوو، باوەشی لە ریحلەیەک داوە، دەیەوێ بیباتە بەردەم بارەگاکانی بێدەنگیی، وێنەیەکی خامەکی، پیرەژنەکەی سالی ١٩٩١ مان دەخاتەوە یا کە بە پێی پەتی قوڕ و چڵپیاوەی ساردی مانگی ئازاری دەشیلا...زۆر شتی دیکەمان بینی. خەیاڵی ئینسانی کورد سیخناخە بە وێنە ئاوەژووەکانی مێژووی خۆی.

وێنەی هێزی رووت دەمێک ساڵە بە رووتی قەدەری کورد تۆمار دەکات. بەلام مێژوو ئەگەر واتایەکی هەبێت، ئەوە بە دەستێک هێزی رووت دروست دەکات، بە دەستێکیش دەیروخێنێ. ئەگەر تا ئیستا مێژوو لە یەک تای دا لە گەڵ کورد بووە، واتە لە دیوە تراژیدییەکەی، بە بڕاوی من، لاپەرەی مێژوویەکی دیکە خەریکە یەکئالا دەبێتەوە!!!